# خوێندنەوە بۆ سێ کتێب

## (چوارمین بەش و دوایین بەش)

د. ئەمیر حەسەن پور
و: مستەفا زاهیدی



ژیژەك بە ئاماژە بە لێکدانەوەی ئالن بەدیۆ(بیرمەندی فەرانسەوی لە شۆڕشی فەرهەنگی (شۆڕشیەکان تەنها «روخساری نەفی لێك دەدەنەوە» دەڵێ دەبێ هەنگاوێ برۆینە پێشتر و دەپرسێ:
چ دەبوو ئەگەر شۆڕشی کەلتووری نێگەتیڤ دەبوو و نەك بە مانا کردنەوەی فەزاو ڕێگا خۆشکەر بۆ دەستپێکردنی سەرلەنوێ ، بەڵکوو خۆی نێگەتیڤ دەبوو، واتە نێگەتیڤ بە مانای دیار بۆ نەتوانینی خۆی لە درووست کردنی جیهانێکی نوێ؟ (ل٢٣)
بەم مانایە، بە پێی بۆچوونی ژیژەك ، ویکچوونێك هەیە لە نێوان شۆڕشی کەلتووری و پاڵاوتنە ستالینییەکاندا لە کاتی دیاریکراویاندا، ئەو کاتەی ستالین پەنای هێنایە بەر ئەندامانی خوارەوەو «داوای لێکردن نارەزایەتییەکانیان دژ بە دەسەلاّتی بەرپرسانی لۆکاڵی حیزب دەربڕن (جووڵەیەك کە وەك شۆڕشی کەلتووری دەچوو)...
لێرەدا ناتوانین سەرجەم باسەکەی ژیژەك دەربارەی پاڵاوتنەکانی سەردەمی ستالین بێنین. بەڵام پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی دەتوانین پاڵاوتنە حیزبیەکانی ساڵی ١٩٣٠ لە یەکیەتی سۆڤیەت، تێرۆری ژاکۆبینی ساڵەکانی ١٧٩٢–١٧٩٤ و شۆڕشی کەلتووری ، لە ئاستێکی زۆر گشتیدا، بە لای یەکەوەو لە چوارچێوەی «شۆڕش لە شۆڕش» یان بەردەوامی شۆڕش دابنێین، بەڵام دەبێ جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوەو ئەو بزانین پاڵاوتنەکانی ستالین و شۆڕشی کەلتووری دوو پرۆژەن کە بە تەواوەتی جیاوازییان هەیە پێکەوە. بەر لە هەر شتێ ستالین وێنایەکی دروستی لە کێشەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و تایبەتمەندییەکانی و خەباتی چینایەتی لە هەلوومەرجی نوێی کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا نەبوو . هەڵبەت هەڵەکانی ستالین دەبێ لە چوارچێوەی گوشارە ناوخۆیی و دەرکییەکان بۆ سەر وڵاتەکەی یەکیەتی سۆڤییەت– کاتی هێرشی سەربازی جیهانی بۆرژوازی و شەرە ناوخۆیی و گەمارۆ ئابوورییەکان– لێك بدەینەوە، بەڵام هەڵەکانی‌ستالین لە تێگەیشتنی نادروست دەربارەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و هاندەرەکانی پێشکەوتنی شۆڕش لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا سەرچاوەیان دەگرت. ستالین تێگەیشتنێکی راستی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی و خەباتی چینایەتی لەم هەلوومەرجە نوێیەدا نەبوو. ستالین تەنانەت رایگەیاند یەکیەتی سۆڤیەت گەشەی سەندووە بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین. ئەو هەڵەیەی کە بوو بە هۆی ئەوەی بە دروستی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەمدیسان زیندوو بوونەوەی بۆرژوازی نەگاو مەترسی گەرانەوەی بۆرژوازی تەنها لە پیلانی تاك و گرووپەکان یان بۆرۆکراسی و خراپکاری «بەرپرسانی لۆکاڵی» یان هەرەشەکانی کۆمەڵگای جیهانیدا ببینێ.بەم شێوەیە ئەگەر چین لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا بوونی نییە، دیکتاتۆری پرۆلتاریا دژ بە کێ، بۆچی و چۆن بەڕێوە دەچێ؟ کۆمەڵگای بێ چین کۆمەڵگای کۆمۆنیستیەو بوونی وەها کۆمەڵگایەك لە هەلوومەرجی ساڵەکانی ١٩٣٠ و تەنانەت چەندین دەیە دواتردا وێنا نەدەکرا.

شۆڕشی کەلتووری بە پێچەوانەی پاڵاوتنە ستالینیەکان، بە پێی تێگەیشتنێکی درووست لە چین و خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا ، بە واتایەکی تر بە تێگەیشتنی دروست لە ناسینی دۆست و دوژمن روویدا. بۆ وێنە، مائۆ فەرمانی بە جەماوەر دا «بنکەی بەڕێوە بردنەکان بۆمباران بکەن». مەبەست لە بنکەی بەڕێوە بردنەکان ئەو تاقمە لە بەرپرسانی حیزب بوو کە ڕێگای بۆرژوازیان گرتبوە بەر. ستالین ئەزموونی گەڕانەوەی بورژاوازی لە وڵاتێکی سۆسیالیستی‌دا نەبوو و تێگەیشتنی تیۆریکی ئەم لەم پرۆسەیە، ناکۆك بوو لە گەڵ تێگەیشتنی مارکس (بۆ وێنە لە «رەخنە لە برنامەی گۆتا) و لنین( لە وتاری (دەربارەی سیاسەت و ئابووری لە سەردەمی دیکتاتۆری پرۆلتاریا» ١٩١٩). مەبەست لە شۆڕشی کەلتووری چین بەرگرتن بوو بە گەڕانەوەی بۆرژوازی بەو شێوەیەی لە یەکیەتی سوڤیەتدا رووی دا و هەوڵدان بوو بۆ قووڵ کردنەوەو بەربڵاو کردنەوەی خەبات بۆ بیناکردنی سۆسیالیزم. مائۆ لە سەر ئەو باوەڕە بوو کۆمەڵگای سۆسیالیستی کۆمەڵگایەکی چینایەتییەو لە سەرجەم دەورانی سۆسیالیزمدا کە دەورانێکی درێژ ماوەیە، چین و خەباتی چینایەتی بوونی هەیە و چینی رووخاوی بۆرژوازی هەوڵی ئەوەیە دەسەڵات بگرێتەوە دەست و جارێکی‌تر بۆرژوازی زیندوو بکاتەوە.

**مائۆ**

**ئەگەر دەتانهەوێ بزانن بۆرژوازی لە کوێدا سەنگەری گرتووە چاو لە حیزب بکەن. حیزبیش وەك دەوڵەتبەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتییە**

لە رەوتی شۆڕشی کەلتووریدا، پرۆسە، سەرچاوەو هۆکارەکانی گەڕانەوەی بۆرژوازی تاوتوێ کران و درانە بەر باس. کۆمەڵی کرێکار و وەرزێر و رووناکبیر، لە ئاستی دەیان میلیۆن کەسدا سەرقاڵی ئەم باسە بوون.
لە سەردەمی شۆڕشی فەرهەنگیدا تێگەیشتنی تیۆریك دەربارەی پرۆسەی گەڕانەوەی بۆرژوازی پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە دی. بۆرژوازی لە پانتایی ئابووریدا(ژێرخان) بەردەوام خەریکی خۆ بەرهەم هێنانەوە بوو– بەرهەمهێنانی بچووك، مافی بۆرژوازی (حەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان) ، بوونی کاڵاو پێوەندییە کاڵاییەکان، جیاوازی لە نێوان کاری دەستی و کاری فیکریدا، جیاوازی لە نێوان شارو دێ، جیاوازی چینایەتی و... . ئەوەی ستالین لە بنەڕەتەوە لێی تێنەگەیشت، بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بۆرژوازی بوو لە پانتای سەرخان دا. مائۆ بە روانگە دیالکتیکیەکەیەوە، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە لە بینای سۆسیالیزمدا، بە پێچەوانەی بینای بۆرژوازی، سەرخان دەوری دیاریکەری هەیە. ئابووری سۆسیالیستی لە خۆڕا لە دڵی ئابووری بۆرژوازییەوە سەر دەر ناهێنێ، ئابووری سۆسیالیستی دەبێ ئاگاهانە و بە پرۆگرامێکی ڕێك و پێکەوەوو هەنگاوبە هەنگاو لە ماوەی خەبات دژ بە سیستەمی کۆن بونیاد بنرێ و دامەرزێ. ئەمە هیچ نییە جگە لە رەتکردنەوەی جیهانی کۆن و درووست کردنی جیهانێ کە لە گەڵ ئەو دونیا کۆنەدا ناکۆکە. ئامرازی ئەم درووست کردنە حیزبە کە بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی دەوڵەتی، سیستەمی کۆن رەت دەکاتەوەو سیستەمی نوێ دادەمەرزێنێ. بەڵام دەوڵەت و دەوڵەتی کردنی ئابووری جگە لەوەی بە مانای سۆسیالیستی کردن نییە، بەڵکوو دەوڵەت ئەم بەرهەمە مێژووییەی سیستەمی چینایەتی، خۆی یەکێکە لە سەرچاوە گرینگەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەڵسووکەوتە بۆرژوازییەکان.
دەوری گرینگی مائۆ لە گەشەی تیۆری مارکسیستی لێرەدایە کە جەخت دەکاتەوە : ئەگەر دەتانهەوێ بزانن بۆرژوازی لە کوێدا سەنگەری گرتووە چاو لە حیزب بکەن. حیزبیش وەك دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتییەو ئەوەی کە حیزبی چینی کرێکار بێت، نەك لە ڕێگای ژمارەی ئەندامانی کرێکارییەوە، بەڵکوو بە درووست بوونی هێڵی سیاسی و ئابوورییەکەی دیاری دەکرێ. ئەگەر حیزب لە پێگەی ڕێبەری کردنی بینای سۆسیالیزمدایە، هێڵی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی بۆرژوازی بگرێتە بەر، لە بری سۆسیالیزم بۆرژوازی گەشە دەکات. لێرەدایە پێویستی شۆڕشی فەرهەنگی ئەویش بە شێوەی بەردەوام فام دەکرێ. ئەگەر حیزب و دەوڵەت ، خۆیان بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتین و ئەگەر لە بینای سۆسیالیزمدا دەوری دیاریکەریان هەیە، کە وایە چۆن دەکرێ سۆسیالیزم بۆ ئۆرگانەکانی بە جێماو لە کۆمەڵگای چینایەتی (حیزب و دەوڵەت) بنیات بنرێ و دواتر بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای بێ چین (کۆمۆنیسم) نەفی بکرێتەوە؟ چۆن دەکرێ ئەم ناکۆکیانە چارەسەر بکرێ؟ وەڵامی مائۆ ئەوە شۆڕشی کەلتووری، ئەویش بە شێوەی بەردەوام، لە ڕێگای زاڵ بوونی زانیاری بە سەر مادەدایە بەم شێوەیەی کە تیۆری مارکسیستی لە لایەن کرێکاران و وەرزێران و یەکیەتی لە گەڵ چیینە ناپرۆلتەرییەکان، فام دەکرێ و بە کار دەهێندرێ: تەنانەت شێوەکانی خەیاڵ کردن تووشی شۆڕش ببێ. بەم شێوەیە شۆڕشی کەلتووری– نە لە تیۆری و نە لە پراتیکدا– وەك پاڵاوتنەکانی ستالین نەبوو. شۆڕشی کەلتووری خاوەن بەرنامەی چینایەتی دیار و بەرنامەی کۆمەڵایەتی دیار بوو. لەناوبردنی پێڕەوکەرانی بۆرژوازی لە بەرپرسانی حیزبی و دەوڵەتیدا بۆ قووڵکردنەوەی بینای سۆسیالیزم و بەرگرتن بە زیندوو بوونەوەی بۆرژوازی، بەرتەسك کردنەوەی مافی بۆرژوازی و درزەکانی تری جێماو لە سەردەمی بوورژوایی. پێڕەوکەرانی بۆرژوایی،– لەوانە دێن سیائۆ پێن– بەرنامەیەکی ٢٠ مادەییان راگەیاند بۆ زیندوو کردنەوەی سەرمایەداری. دوو ڕێگا، دوو روانگە، دوو چین بە دوو بەرنامەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە بەرامبەر بە یەك وەستانەوە. مائۆ باوەڕی بە بەکار هێنانی توندوتیژی (زیندانی کردن و ئێعدامی) لایەنگرانی بۆرژوازی نەبوو، چونکە بە هەر حاڵ زەوی سۆسیالیزم ئەمانەی لێ شین دەبوو و بە لە ناوبردنی ڕێبەرەکانیان هیچ نەدەگۆڕا و کەسانیتر جێگای ئەوانیان دەگرتەوە. بەڵام وەك چۆن لە شۆڕشی فەرانسەدا، باڵی میانەرەو پارێزکاری بۆرژوازی کودتای کرد و بەو پەڕێ توندوتیژییەوە ژاکۆبینەکانی سەرکوت کرد، لایەنگرانی بۆرژوازی لە چین، بە هەمان شێوە، لە ڕێگای کوودتاو زیندانی کردن و ئێعدامی ڕێبەرانی سۆسیالیستەوە دەسەڵاتیان پتەو کرد. وا دیار بوو ئەوەی مائۆ دەربارەی گۆڕانی ناکۆکییەکان نێوان جەماوەر بە ناکۆکیەکانی نێوان جەماوەر و دوژمن باسی لێوە دەکرد و ژێژەك ئاماژەی پێ دەدا لە ناوەراستی ساڵەکانی ١٩٧٠ لە چین رووی دا، بەڵام لایەنگرانی بۆرژوازی هەلەکەیان لە بەرژوەندی خۆیاندا قۆستەوە.
ژیژەك دەڵێ: خراپ کردنی بەرهەمە کۆنەکان لە رەوتی شۆڕشی کەلتووریدا بە مانای رون کردنەوەی راستەقینەی رابردوو نەبوو، بەڵکوو شاهیدێك بوو بەوەی کە ناتوانن بە سەر رابردوودا زاڵ بن. (ل٢٥)
بە پێی ئەو شتانەی ئاماژەی پێ درا، خراپ کردنی پەیکەرەکان و بەشێ لە ئاسەوارەکانی کۆمەڵگای کۆن لە بەرنامەی شۆڕشی کولتووریدا نەبوو و شۆڕشی کولتووری نەیدەویست ئەو کارە بکات. ئەوەی رویدا بەرهەمی گەشە سەندنی ورەی شۆڕشگێڕانە بوو «شۆڕش رەوایە !» . لەم پرۆسەیەدا دەیان میلیۆن کەس بەشداریان کردو هەڵسووکەوتی هەڵەو نەشیاویان هەبوو بەرامبەر بە ئاسەوارە کۆنەکان و کەسانی باوەردار بەو ئاسەوارانە کە لە رەوتی شۆڕشێکی گەورەدا شتێکی «سروشتیە».
ژیژەك لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە دەدا بە کەڵك وەرگرتنی ئەرتەشی ئیسرائیل لە تیۆرییەکان دیلۆز و گواتاری بۆ سەرکوتی فەلەستینییەکان. ژیژەك بێ ئەوەی ئەم دوو بیرمەندە تاوانبار بکات بە داگیر کاری و میلیتاریزم، دەیخاتە روو کە تیۆرییەکانیان لە چوارچیوەی سیستەمی ئابووری و ئایدۆلۆژیای– سیاسی بۆرژوازی هاوچەرخدا دەگونجێ.
ئینجا ژیژەك ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕ: کە وایە چۆن دەتوانین سیستەمی بۆرژوازی کە بنەماکەی لە سەر شۆڕشگێر کردنی بەردەوامی خۆی دامەزراوە شۆڕشگێر بکەین؟ رەنگە ئەمە پرسیاری گرینگی ئەمرۆ بێ و لەم ڕێگاوەیە کە ئەمرۆکە دەبێ مائۆ دووبارە بکەینەوەو پەیامەکەی بۆ سەدان میلیۆن ئینسانی بەش مەینەت و بەش خوارو بخولقێنینەوە، پەیامێکی سادەو دڵسۆزانەو بوێرانە «گەورەیی شتێ نییە لێی بترسین. بچووکەکان گەورەکان دەرووخێنن و بچووك گەورە دەبێ.
ژیژەك لە زمانی مائۆوە دەڵێ :
« ئێمە پەسەندکراوی ئاشتیمان دەوێ و دژ بە جەنگین. بەڵام ئەگەر ئێمپریالیستەکان سوورن لە سەر ئەوەی شەڕێکی‌تر ڕێك بخەن ئێمە نابێ بترسین. رووبەروو بوونەوەی ئێمە لە گەڵ ئەم بابەتەدا هەمان ئەو رووبەروو بوونەوەیە کە لە گەڵ هەر ئاژاوەیەکی تردا هەمانە. یەکەم :ئێمە دژی ئەم شتەین. دووهەم: لێی ناترسین. ئەگەر ئێمپریالیستەکان سوورن لە سەر ئەوەی شەری سێهەمی جیهانی ڕێك بخەن ، بێگومان سەدان

**مەبەست لە شۆڕشی کەلتووری چین بەرگرتن بوو بە گەڕانەوەی بۆرژوازی بەو شێوەیەی لە یەکیەتی سوڤیەتدا رووی دا و هەوڵدان بوو بۆ قووڵ کردنەوەو بەربڵاو کردنەوەی خەبات بۆ بیناکردنی سۆسیالیزم.**

میلیۆن کەسی تر روو دەکەنە سۆسیالیزم و ئەو کاتە ئێمپریالیستەکان لە گۆی زەویدا شوێنێکی زۆریان بە دەستەوە نامینێ.
ژیژەك دەڵێ :لە بیر کردنی ئەم وتانە لە ژێر ناوی ئیدیعای بێ بنەمای ڕێبەرێ کە ئامادەیە بە میلیۆن کەس بکات بە قوربانی ئامانجە سیاسییەکەی کارێکی سادەیە. بەڵام ئەم وتانە پەیامێکی گشتیان هەیە : (نابێ بترسین). ئاخۆ ئەمە تەنها هەڵوێستی درووست بەرامبەر جەنگ نییە؟ یەکەم ئەوەی ئێمە دژ بە جەنگین، دووهەم ئەوەی لێی ناترسین. بە دڵنیایەوە شتێکی ترسێنەر لەم روانگەدا شاراوەیە_بەڵام ئەم تیۆر شاراوەیە لەودا، مەرجی ئازادیە.»(ل٢٨)
لە کۆتاییدا ژیژك خوێنەر و سەرجەم خەڵکی چەوساوەو رەنج دیتووی دونیا بانگهێشت دەکات بەوەی لە دێوەزمەی بۆرژوازی ئێمپریالیستی نەترسن و بە بوێری و تێگەیشتنی رۆبسپیەر، لنین و مائۆوە بەرامبەری بوەستنەوە. ئەو خۆی بە چاپ کردنی ئەم سێ کتێبە و بە لێکدانەوەیەك کە بۆ ئەم سێ کەسایەتییە سیاسییە بوویەتی، بوێری و تێگەیشتنی خۆی خستۆتە روو. بە پشت بەستن بە تێزی یازدەیەمی مارکس دەربارەی فۆیرباخ دەتوانین بڵێین ژیژەك، لەم سێ کتێبەدا هەم جیهانی تەفسیر کردوەو هەم دەستی داوەتە گۆڕانی ئەم جیهانە. بێ گومان بەشێکی زۆر لەو لێکدانەوانە دەربارەی ئەم سێ کەسایەتییە شۆڕشگێڕە جێگای مشتو مرن و دەکرێ پەسەند بکرێن یان رەت بکرێنەوە.